نەتەنیاهو: پشنیاری ستیڤ ویتکۆف نەردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ ڕژهەڵاتی ناوەڕاستی قبوڵکراو

بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، وڵاتەکەی پشنیاری ستیڤ ویتکۆف نەردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ ڕژهەڵاتی ناوەڕاستی قبوڵکردوە، بەڵام حەماس ئەو لایەنەیە کە هەتیدەکاتەوە بگەنە ڕێککەوتنی ئاگربەست.

بنیامین نەتەنیاهۆ لە تۆمارکی ڤیدیۆییدا کە لە پلاتفۆرمی ئکس بڵاویکردوەتەوە دەڵێت، "دوای سەردانکی گرنگ گەڵامەوە، سەردانکی زۆر سەرکەوتو بو، دوای سەرکەوتنکی گەورە بەسەر ئێراندا،دەرفەتی زۆر و ئەگەری زۆر و ئەرکی زۆر هەیە، من بڕیارمداوە هەمویان بەدەستبهێنم".

سەبارەت بەو ڕاپۆرتە میدیایینەی کە باس لەوە دەکەن حکومەتی ئیسرائیل پشنیاری ئاگربەستی لە غەززە کەتکردەوە، بنیامین نەتەنیاهۆ ڕونیکردەوە، " قسەکانیان هەمیشە دەنگدانەوەی پۆپاگەندەی حەماسە، بەڵام هەمیشە هەڵەن، ئێمە ڕێککەوتنەکەمان قبوڵکرد، ڕێککەوتنی ویتکۆف و دواتر ئەو پرۆژانەی کە لەلایەن نوەندگیرییەکانەوە پشنیارکرابون، ئێمە قبوڵمان کردن، بەڵام حەماس کەتیکردەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "حەماس دەیەوەت لە غەززە بمێنتەوە، دەیەوەت ئێمە بکشێنینەوە و چەکداری بکەینەوە بۆئەوەی دوبارە و سێبارە هێرشمان بکاتەسەر، من ئەوە قبوڵ ناکەم، هەمو هەوڵکیش دەدەم بۆ گەڕاندنەوەی دیلەکانمان".

جەختیشیکردەوە، " لەگەڵ کەسوکاری بارمتەکان کدەبمەوە، لە بارودۆخی ئەوان تێدەگەم و ئازارەکانیان دەزانم، بۆیارمدا دیلەکان بگەڕێنمەوە سەر ماڵ و حاڵی خێیان و بزوتنەوەی حەماس لەناو ببەم".